# جیۆنسایدی دارفور لە سەدەی بیستویەکدا

بەختیار کەریم

پیادەکردنی تاوانی جیۆنسایدی لەلایەن حکومەتی ئیسلامی سودانەوە و بە بەکارهێنانی میلیشیاکانی جەنجەوید لە هەرێمی دارفور لە دژی دانیشتوانی موسوڵمانی ناعەرەبی ئەو هەرێمە، گرنگی دەگێڕێتەوە بۆ بابەتی دەستێوەردانی مرۆیی و سەربازی بۆ بەرگرتن بە جێنۆساید. لەهەمان کاتدا دارفور دەیسەلمێنێت کە یاسا نێودەوڵەتیەکان پێویستیان بە گۆڕین و گونجاندن هەیە لەگەڵ هەلومەرجی سەدەی بیستویەکدا. لەم ساتەوەختەدا کە دارفوریەکان ساکارتین ژیان دەگوزەرێنن کە دەکرێت بوترێت کە شێوازی ژیانی سەدەکانی ناوەڕاستە، حکومەتی سودان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای سەدەی بیستویەک قەتلوعامیان دەکات. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی ئەو کۆسپە سەرەکیانەی بەردەم پرۆسەی دەستێوەردانی مرۆیی بۆ ڕزگارکردنی ژیانی هەزارەها مرۆڤ، لێرەوە وەک پێویست ئاماژە بۆ ئەو یاسایانە دەکرێت کە پەیوەندیان هەیە بە کردەی جێنۆسایدەوە و باس لە ناکاریگەریان دەکرێت و جەخت لەسەر پێداویستی گۆڕین یان چاکسازی کردنیان دەکرێت. دارفوریش وەک پێگەیەکی فەرامۆشکراوی ئەم سەر زەمینە کە جێنۆساید تێدا ڕوودەدات دەبێتە سەنتەری باسی ئەم وتارە.

هەفتەی ڕابووردو (کۆلن پاوڵ)ی وەزیری دەرەوە)ی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەپێش کۆبونەوەیەکی گۆنگرێسی وڵاتەکەیدا ڕایگەیاند: (پاش لێکۆڵینەوە لەو بەڵگانەی کە لەبەردەستیدان بەو دەرئەنجامە گەیشتوە کە جێنۆساید لە دارفور ڕوویداوەو ڕوودەدات، حکومەتی سودان و میلیشیا چەکدارەکانی (جەنجەوید) بەرپرسن لێی). ئەم دەرئەنجامگیریەی پاوڵ ئەگەرچی وەک هەمیشە زۆر لەوادەی خۆی دواکەوت بەڵام گرنگیەکی یاسایی و ئەخلاقیی گەورەی هەیە. بەرلەوەی باس لە گرنگی وتەکانی پاوڵ بکەین پێویستە ئاماژە بە خوێنساردی دەوڵەتە خۆرئاواییەکانی تر بدرێت کە تەنانەت دوای قسەکانی پاوڵیش هیچ ئاماژەیەکیان بە جێنۆساید نەداوە، تەنها بەوەوە وەستاون کە سەرکۆنەی تاوانەکانی ڕژێمی سودان بکەن و هەڕەشەی فشاری ئابوری لەو وڵاتە بکەن کە بەئاشکرا درێژە بە تاوانی جینۆساید دەدات. لەمەش سامناکتر شەقامی خۆرئاوا تا ئەم ساتەوەختە خۆپیشاندانێکی بەخۆیەوە نەدیوە، دەنگی نارەزایی لە دژی جێنۆساید هێند نزمە، شێتێتی نیە گەر گومان لەوە بکەین کە لە سەدەی بیستویەکدا دەژین.

گرنگی قسەکانی پاوڵ لەوەدایە کە ئەمە بۆ یەکەم جارە کەسێک لە پۆستێکی گرنگی وەک ئەوەی پاوڵدا، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بە جێنۆساید لە قەڵەم بدات لە کاتێکدا کە درێژەی هەیە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە پاوڵ بەم هەڵوێستەی ئەرکێکی یاسایی دەخاتە ئەستۆی وڵاتەکەی وەک ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتوەکان و خاوەن ئیمزا لە ڕێکەوتننامەی جێنۆساید کە بە (ڕێکەوتننامەی ڕێگەگرتن و سزادانی تاوانی جێنۆساید 1948 ) ناسراوە.
(Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide, 1948)

جیاواز لە ڕێکەوتنامەکانی تری پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤەوە ڕێکەوتننامەی جێنۆساید ڕێکخراوێکی پێکنەهێناوە تا چاودێری بەکارهێنانی یاساکانی بکات و بڕیار لەوە بدات کە جێنۆساید ڕوویداوە یان ڕووینەداوە، بەڵکو ئەو ئەرکەی بەجێ هێشتوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە تاوانی جێنۆسایدەوە لەو جێگایەی کە ڕوودەدات یان بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە لایەنن لە ڕێکەوتننامەکە. ئەوەی لێرەدا پێویستە لەسەر ئەم ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیە بوترێت ئەوەیە کە ئەم ڕێکەوتننامەیە بەتەنها ئەرکی پێناسەکردنی جێنۆسایدی لە ئەستۆگرتوە، هەروەها ئەو فۆرمانەی کە بۆسزادان دایناون بریتین لە دادگاییکردنی تاوانباران لە دادگایەکی ناوخۆیی ئەو دەوڵەتەی جێنۆساید تێیدا ڕویداوە یان لە دادگایەکی نێودەوڵەتی. ئاشکرایە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لایەنە لە ڕێکەوتننامەی جێنۆساید، هەر بۆیە بە ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە کە جێنۆساید لە دارفور ڕوودەدات، ئەرکێکی یاسایی دەخاتە ئەستۆی خۆی بۆ وەستاندنی جێنۆساید و سزادانی تاوانباران. مەخابن لەسەر زەمینی واقیعی سیاسی شتەکان زۆر لەمە تەمومژاویترن هەر بۆیە پێناچێت وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەرکە یاساییەکانی خۆی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەجێبگەیەنێت، لەبەر چەندین هۆکار کە ئاشکراترینیان تێوەگلانی سەربازی ئەمریکایە لە عێراق و ئەفگانستان جگە لە سەرقاڵی ئیدارەی بۆش بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیەوە، ئەمانەو گومانی وڵاتە عەرەبیەکان لە دەستێوەردانی ئەمریکی لە سودان کە پێیان وایە؛ ئەمریکا هەوڵی دەستبەسرداگرتنی سەرچاوە نەوتیەکانی ئەو وڵاتە دەدات، هەروەها ناڕازیبوونی یەکێتی ئەفریقا کە کێشەکە بە کێشیەکی کیشوەریی و تایبەت بە ئەفریقا دەزانێت.

زیاد لە نیو سەدە بەسەر کارەساتی هۆلۆکۆستدا تێدەپەڕێ و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستەوسان وەک تەماشاچییەکی بێباک ڕاوەستاوە و لە ڕەشکوژیەکی نوێ دەڕوانێ ئەم جارەیان لە هەرێمی دارفوری سودان. ئەگەر چاوپۆشین لە ئەنفالکردنی کورد بە جەنگی سارد و دابەشبوونی جیهان بۆ دوو بلۆک پەردەپۆشکرا، ئەوا پاش جەنگی سارد چاوپۆشین لە جێنۆساید لە ڕوەندا و ئێستاش لە دارفور ئاماژەن بۆ ناکاریگەری یاسا نێودەوڵەتیەکان و هیچ پۆزشێک نەماوەتە بۆ دەستێوەرنەدان لە پێناو ڕزگارکردنی ژیانی ئەو مرۆڤانەی بەشێوەیەکی سیستیماتیکی دێنە کوشتن. ئاشکرایە کە جەنگی سارد زۆر بەئاشکرا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی زەلیل و ئیفلیج کردبوو جگە لەوەی ڕێگر بوو لەبەردەم ئەو دەوڵەتانەی کە خوازیاری وەستاندنی جێنۆساید بوون، بەڵام ئەو کارەساتانەی پاش جەنگی سارد لە فۆرمی جێنۆسایددا ڕوودەدەن ئەو پرسیارەمان لا دووبارەدەکەنەوە کە ئایا بەڕاستی جیهان پێویستی بە یاساگەلێک نیە کە مافی بەکارهێنانی هێز بە دەوڵەتان بدات بۆ وەستاندنی جێنۆساید؟ ئەم پرسیارە کۆمەڵێک باسی قەیراناوی لەگەڵ خۆی دێنێتە پێشێ کە ساڵانێکە جێگەی گفتوگۆی پیاوانی (یان ژنانی) دەوڵەت، یاساناسان، فەیلەسوفە سیاسیەکان و تاتبەتمەندانی بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانە. بەڵام لێرەدا و لە کاتێکدا ڕەشەکوژیەکی بێوێنە لە دارفۆر بەردەوامی هەیە ئەم پرسیارە جارێکی تر خۆی دەکاتەوە بە چەقی گفتوگۆکان، هەروەها ئاشکرا پێمان دەڵێت کە دەوڵەتان پێویستە کۆمەڵێک یاسا و پرنسیپی کاریگەریان هەبێت بۆ مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەی جێنۆساید. بەواتایەکی دی بەکارهێنانی هێزی بەکۆمەڵ (Collective Force) لە دژی دەوڵەت یان لایەنی تاوانبار بە کردەی جێنۆساید پێویستە بەیاساییبکرێت. وێڕای ئەوەش گۆڕانکاری بنەڕەتی لە یاساکانی نێو ڕێکەیتننامەی جێنۆسایدی ساڵی 1948 دا بکرێت.

بابەتی دەستێوەردانی مرۆیی (Humanitarian Intervention) خۆی لەخۆیدا بابەتێکی تەنگژاویە و ساڵانێکی زۆرە جێگەی مشتومڕی ئایبەتمەندانی بواری یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانە،بەڵام تا ئێستا یەکدەنگیەک دروست نەبووە لەسەرئەوەی کە (چۆن و کەی و کێ) بە فریای ئەو نەتەوانە بکەوێت کە دەکەونە بەر شاڵاوی جینۆساید. ئەمە لەکاتێکدا کە شاڵاوی جێنۆساید ژیانی هەزاران مرۆڤ لە کێڵگەکانی مەرگدا بەبەرچاوی هەموانەوە دروێنەدەکات. گفتوگۆ لەسەر دەستتێوەردانی مرۆیی لە ساڵی 1991 دا و لەژێر کاریگەری وێنە وروژێنەرەکانی کۆڕەی کورددا بە چلەپۆپەی خۆی گەیشت، ئەگەرچی ئەوکات دەوڵەتە خۆرئاواییەکان بەتایبەتی بەریتانیا، هۆڵەندا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێڵی (36)ی دژەفڕینیان دروستکرد بۆ پاراستنی کورد لە شاڵاوی ڕژێمی بەعس و سوپای عێراق، بەڵام ئەم کارەیان بەشێوەیەکی سەرەکی لەژێر فشاری جەماوەری وڵاتەکانیاندا کرد هەروەها بۆ هێشتنەوەی جۆرێک لە فشار لەسەر عێراقی دۆڕاو لە جەنگی کەنداو کە گومانی ئەوەی لێدەکرا کە برەو بە چەکە کۆکوژەکانی بدات. جێگەی داخە دەستێوەردان لە کوردستان نەبوە پێوەرێکی یاسایی بۆ دەستێوەردانی مرۆیی یان بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە دژی ئەو دەوڵەتانەی کە تاوانی جینۆساید ئەنجام دەدەن، چونکە وەک بینیمان پاش کوردستان لە ڕواندا و کۆسۆڤۆ جێنۆساید ڕوویدا و ئێستاش لە دارفۆرد ڕوودەدات. بەڵام لانیکەم دەستێوەردان لە کوردستان کە لە نێوان تایبەتمەنداندا بە باکوری عێراق ناسراوە بووە پێوەرێکی ئەخلاقی بۆ دەستێوەردان و ئەنجامی دەستێوەردانەکە کە کەم تا زۆر باش بوو بە سەرکەوتنێک دەژمێردرێت بۆ ئەوانەی کە لەگەڵ کردەی دەستێوەرداندان.

گرفتەکانی بەردەمی بەیاساییکردنی دەستێوەردانی مرۆیی بەگشتی و لە فۆرمە سەربازیەکەیدا بەتایبەتی ئەوەیە کە دەشێت دەوڵەتان ئەو مافی دەستێوەردانە لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن یان تەنها بەشێوەیەکی هەڵاوێردی (Selectivity) وەک لە کۆسۆڤۆ ڕوویدا چونکە کۆسۆڤۆ لە ناوجەرگەی ئەوروپادایە لەکاتێکدا لە ڕواندا تا لافاوی خوێن هەڵنەستا هەڵوێستیان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەرنەگرت کە دەستێوەردانیش ڕوویدا زۆر کەم کرا و بەشێوەیەکی زۆر خراپ کرا، وەک هەندێک لە چاودێران دەڵێن لە (ڕواندا زۆر کەم و زۆر درەنگ کرا). دواجار هیچ یەکێک لەم دوو گرفتەی ئاماژەمان پێدان یان هەر گرفتێکی تر ناموٚ نین بە یاسا نێودەوڵەتیەکان، ئەگەر بەندی (51) ی جاڕنامەیٚ نەتەوە یەکگرتوەکان بە نمونە وەربگرین کە مافی بەرگری لەخۆکردنی (Right of self-defence) بە دەوڵەتان بەخشیوە چەندین جار دەوڵەتان ئەم بەندەیەیان لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاربردوە و نەهامەتی و مەرگیان بۆ هاولاتیانی خۆیان و دەوڵەتانی تر هێناوە، ئەشێت نمونەکان زۆربن بەلاَم باشترینیان پەلاماری دەوڵەتی عێراق بوو بۆ سەر ئێرانی دراوسێیی بە بیانوی بەرگری لەخۆکردن. جێگەی ئاماژە پێدانە کە چەند دەوڵەتێک بەندی (51) یان بۆ مەبەستی وەستاندنی جینۆساید بەکارهێناوە لەوانەش دەستێوەردانی سەربازیی هیند لە خۆرهەلاَتی پاکستان (بەنگلادیشی ئێستا) و دەستێوەردانی ڤێتنام لە کەمبۆدیای پۆڵ پۆت، هەروەها دەستێوەردانی تەنزانیا لە یوگەندای عیدی ئەمین. هەر یەک لەم سێ دەستێوەردانە کە بە ناوی بەرگری لەخۆکردنەوەو بە بەکارهێنانی بەندی (51)ی چارتەری نەتەوە یەکگرتوەکان ڕوویاندا ژیانی هەزاران مرۆڤیان لە ڕەشەکوژی ڕزگارکرد، بەلاَم لەبەر نەبوونی یاساگەلێکی تایبەت بە دەستێوەردانی مرۆیی ئەم سێ دەوڵەتە ناچار بوون بەناوی بەرگری لەخۆکردنەوە دەستێوەردان ئەنجام بدەن.

یەکێکی تر لە گرفتەکانی بەردەمی بەیاساییکردنی دەستێوەردان چەمکی سەروەری ڕەهای دەوڵەتە کە لە چارتەری نەتەوە یەکگرتوەکاندا بەئاشکرا جەخت لە قودسیەتی سەروەریەکی یەکسان لە نێوان دەوڵەتاناندا کراوەتە (بڕوانە بەندی 2 برگەی 1 لە چارتەری نەتەوە یەکگرتوەکان). بێگومان چەمکی سەروەری دەوڵەت یەکێکە لە قەیراناویترن بابەتەکانی فەلسەفەی سیاسی و تەنانەت یاساش، هەر بۆیە لێرەدا تەنها لەو دیوەی مەسەلەکە دەدوێین کە لە خزمەتی باسەکەماندایە. سەروەری دەوڵەت ڕێگرێکی گەورەی بەردەمی دەستێوەردانە لە هەموو فۆرمەکانیدا، چونکە هەر دەستێوەردانێک لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتێک شکاندنی سەروەری ئەو دەوڵەتەیە و لەوێوەڕا شکاندنی یاساکانی چارتەری نەتەوە یەکگرتوەکانە. بەلاَم پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە لە کوێدا پێویستە سنورەکانی سەروەری دەوڵەت بکێشرێن؟ لەوەش گرنگتر کام کێشە دەکرێت بە کێشەی ناوخۆیی دەوڵەتێک لەقەڵەم بدرێت؟ ئایا جینۆساید لە دارفور کێشەیەکی ناوخۆیی دەوڵەتی سودانە، یان کێشەیەکی نێودەوڵەتیە و پەیوەندی بە گشت مرۆڤایەتیەوە هەیە؟ تا چەند قەیرانی ناوخۆیی دەوڵەتێک دەکرێت هەڕەشە بێت بۆ سەر ئاشتی جیهان؟ هەر یەک لەم پرسیارانەو چەندینی تر پێویستیان بە توێژینەوەی ورد هەیە، بەلاَم لە ئێستادا نیمچە هاودەنگیەک لە نێوان تایبەتمەنداندا هەیە لەسەر ئەوەی کە جینۆساید کێشەیەکی نێودەوڵەتیە و دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان مامەڵەی لەتەکدا بکەن، نەک وەک کێشەی ناوخۆیی ئەم یان ئەو دەوڵەت لێیبڕوانرێت. وەڵێ دواجار نەتەوە یەکگرتوەکان کۆتی لە دەستوپێی خۆی ناوە و هاواردەکات کە هیچی پێناکرێت. لێرەوە دیسانەوە گرنگی گۆڕینی هەندێک لە بەندەکانی چارتەری نەتەوە یەکگرتوەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێت لەوەش گرنگتر دارشتن و نوسینی یاساگەلێک کە سەرپەرشتی بەرگرتن بە جینۆساید بکات و لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە هەوڵی وەستاندنی بدات نەک لەڕێگەی وتار خوێندنەوە و کۆبۆنەوەی بێ سەمەرەوە کە نەتەوە یەکگرتوەکان پێی ناسراوە.

کێشەی سەروەری دەوڵەت شتێکی نوێ نیە و هەمیشە کۆسپ بوە لەبەردەم ئاشتی نێودەوڵەتیدا. دیارە چەمکی سەروەری دەوڵەت دەست لەناو دەست دێت لەگەڵ چەمکگەلێلی تری وەکو ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی سنورەکانی دەوڵەت و دەستێوەرنەدان... هتد. تۆماس هۆبز کە تا ئێستاش لایەنگرانی قوتابخانەی ڕیالیزم لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا بە باوکی فیکری خۆیانی دەزانن پێیوایە تا ئەو جێگایەی ستراکچەرێکی گشتی نەبێت کە پەیوەندی دەوڵەتان ڕێکبخات، جەنگ ئامادەگیەکی هەمیشەیی دەبێت. هوبز پێی وایە لە جیهانێکی ئەنارشیدا ئاشتی شتێک نیە بێتە دی بەڵکو ئەوەی هەندێک بە ئاشتی دەزانن لە ڕاستیدا ئاشتی نیە تەنها نائامادەگیەکی کاتیی جەنگە. ئەگەرچی هۆبز لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (Leviathan)(1651) بەدرێژی باس لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان ناکات، بەلاَم ڕیالیستەکان پێیان وایە دەوڵەتیش وەک ئەو مرۆڤەی هۆبز پۆرتریتی دەکات خودپەرستە و بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەلاَت لەپاش دەسەلاَت دەدات، جیاوازیە سامناکەکە لەوەدایە کە دەوڵەت وەک مرۆڤ نامرێت و مەرگ کۆتاییەک بۆ تەماعەکانی دانانێت. لێرەوە ئەگەرچی ڕیالیستەکان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەڵێن هاوکاری نێودەوڵەتی دەکرێت بە شێوەیەکی کاتی ئەنجامی پۆزەتیڤی هەبێت بەڵام هەرگیز کۆتایی بە جەنگ ناهێنێت بەڵکو پشوی نێوان جەنگەکان دەستەبەر دەکات، هەرچی هەڕەشەی جەنگە بەردەوام لەگەڵمان دەمێنێتەوە. بەواتایەکی تر سەروەری دەوڵەت دەبێت وەک شتێکی ڕەها و پیرۆز لێی بڕوانرێت و هیچ دەوڵەتێک یان کۆمەڵە دەوڵەتێک بۆیان نیە دەست وەربدەنە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتێک یان کۆمەڵە دەوڵەتێکی ترەوە.

بە پێچەوانەی بۆچونەکانی هۆبزەوە، ئیمانۆیل کانت لە ئاشتیە هەمیشەییەکەیدا (Perpetual Peace)، پێیوایە ئاشتی پۆزەتیڤ کاری بەردەوامی دەوێت، کانت ڕەخنە لە سەروەری ڕەهای دەوڵەت دەگرێت و بڕوای وایە هەڕەشەی بەردەوامی جەنگ لە جەختکردنەوەی دەوڵەتەوە بۆ سەروەری ڕەها سەرچاوەی گرتوە. لێرەوە کانت پێشنیاری دروستکردنی فیدراسوێنی دەوڵەتە کۆماریەکانی کرد بەو ئومێدەی ئەم فیدراسوێنە یەکەم: ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی ئاشتی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی فۆرمی حوکمیان هاوشێوەیە، دووەم: ببێتە هاندەر بۆ ئەوەی دەوڵەتەکانی تر چاو لەمان بکەن. نیۆ-لیبراڵەکان کە خۆیان بە میراتگری کانت دەزانن پێیان وایە بۆ چونەکانی کانت تەواو دروستن بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە دیمۆکراسیەکان دژی یەک ناجەنگن. بەواتایەکی دی تا سیستەمی سیاسی و فۆرمی حوکمی دەوڵەتەکان زیاتر هاوشێوە بن ئەگەری سەقامگیری ئاشتیەکی هەمیشەیی دێتە بوون. نیۆ-لیبراڵەکان بەتایبەتی ئەوانەی بە لیبراڵی نێودەوڵەتی ( Liberal Internationalist) ناسراون لەگەڵ دەستێوەردانی مرۆییدان، بەڵام پێیان وایە ئەگەر دەستێوەردان پرۆسەی دەوڵەت بنیاتناوە (Nation Building) و دیمۆکراتیزەکردن بەدوای خۆیدا نەهێنێت ئەوا ئەگەری دووبارەبوونەوەی قەیرانە مرۆییەکان لە گۆڕێ دەبێت. بەواتایەکی دی چەمکی سەروەری ڕەهای دەوڵەت چیتر نابێت ڕێگر بێت لە هاوکاری نێودەوڵەتی و بەتایبەت لەسەر مەسەلەیەکی وەک دەستێوەردان لەپێناو ڕێگەگرتن لە جێنۆساید. چونکە جێنۆساید ئەگەرچی لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا ڕوودەدات، وەلێ کێشەیەکە پەیوەستە بە مرۆڤایەتیەوە، هەر لەبەر ئەوە دەوڵەتان پێویستە هەڵوێستی هاوبەش وەربگرن و هێزی هاوبەش لەدژی دەوڵەتی تاوانبار بەکاربهێنن. لێرەوە دەبینین کە چەمکی سەروەری دەوڵەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا نەک بەتەنها کەوتۆتە ژێر گومانی تایبەتمەندان و سیاسەتمەدارانەوە، بەڵکو بەشێوەیەک لەشێوەکان ڕەهایەتی خۆی لەدەست داوە و تەنها وەک ڕەمزێک لە پشت بوونی دەوڵەتەوە هەبوونی خۆی دەستەبەر کردوە.

بێگومان چەندین کۆسپی تری سیاسی و سەربازی هەن کە هەندێک جار دەبنە ڕێگر لەبەردەم دەستێوەردانی مرۆییدا، بەڵام چونکە ئەوانەی کە ئاماژەمان پێدان لە گرنگترینی کۆسپەکانن بە پێوستی نازانین لەم دەرفەتەدا باس لەو گرفتانەی تر بکەین کە کەم تا زۆر تەکنیکین و دەکرێت چارەسەر بکرێن کاتێک کۆسپە سەرەکیەکان نەمان.

هەرچی سەبارەت بە قەیرانی دارفورە کە جێنۆساید بە ئاشکرا و بە پێی ئەو پێناسانەی کە ڕێکەێتننامەی جێنۆسایدی 1948 دایڕشتون پیادەکراوەو بەردەوامی هەیە. بەڵام نەتەوە یەکگرتوەکان وەک هەمیشە چاوەڕوانی دەوڵەتە زلهێزەکانە تا هاودەنگیەک پێکبێنن و شتێک بکەن بۆ وەستاندنی جێنۆساید، دەوڵەتە زلهێزەکانیش بەدەست کێشتەی تێرۆریزمەوە دەناڵێنن و سەریان ناپەرژێت ئاوڕ لە قوربانیەکانی دارفور بدەنەوە. دەستێوەردان ئەگەرچی پێداویستیەکی هەنوکەیی چارەنوسازە بۆ دارفوریەکان، بەڵام پێناچێت کەس گرنگی بەم ڕاستیە بدات و دەستێوەردانی مرۆیی لە دارفور یان هەر ڕوونادات یان زۆر درەنگ ڕوودەدات، بەواتایەکی تر دووبارەبوونەوەی ڕوەندا ئەگەرێکە و لە پێشماندایە. دواجار کات لە بەرژەوەندی قوربانیەکانی دارفور نیە کە ڕۆژانە دەکەونە بەر شاڵاوی لاقەکردن، کوشتن، ڕاگواستن و ئاوارەکردن. قوربانیەکانی دارفور بە ڕەگەز ئەفریقیین و وەک ئاین موسوڵمانن گوناهیان ئەوەیە کە عەرەب نین یان ناعەرەبن و ڕێکەوتی بوون کردونی بە دراوسێی عەرەب. دەکرێت جۆرێک لە لەیەکچوون یان جیاوازی لە نێوان نەهامەتیەکانی گەلی دارفور و گەلی کورددا گەڵاڵە بکرێت، بەڵام ئەوەی وەک خۆیەتی و نەگۆڕاوە بێدەنگی مەبەستداری شەقام و میدیای عەرەبیە. وەلێ ئەم جارە پەتای بێدەنگی و چاوداخستن لەئاست جینۆسایددا شەقام و میدیای جیهانیشی گرتۆتەوە. تۆ بڵێی خوێنی هەزاران ڕەشپێستی ئەفریقی لە دارفور ئەوەندە بێنرخ و بێبەها بێت کە مووی لەشی کەس گرژ نەکات و جگە لەچەند ڕۆژنامەنووسێکی ناوبانگخواز کەس خۆی لەسەر فسقەڵ نەکات؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەکۆتایدا دەبێت لەو ڕاستیە سامناکە ئاگاداربین کە جیهان لە ساتەوەختێکی ناسکدا دەژی، ئەو دەوڵەتانەی سەرقالی بازرگانی نەوتۆکراسین (نەوت و دیمۆکراسی) چاو لە جینۆساید دەپۆشن یان بە وتار و کۆبونەوە هەوڵی چارەسەرکدنی کێشەیەک دەدەن کە بە کردار نەبێت چارەسەر ناکرێت. ئەو دەوڵەتانەش کە دیکتاتۆریەت و دێسپۆتیزم دایڕزاندون خۆیان هێند تاوانبارن پێیان سەیرنیە جێنۆساید لە چواردەوریان ڕووبدات و هەرگیز چاوەروانی هەڵوێستیان لێناکرێت، ئەگەر دەوڵەتە خۆرئاواییەکانیش هەڵوێستیان وەرگرت ئەوا بە هیتاف گەلێکی وەک ئیمپێریالیزم و دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی نەوت تاوانباریان دەکەن. هەرچی سەبارەت بە ئێمەی کوردە وەک یەکێک لەو نەتەوانەی کە بووینە قوربانی یەکێک لە گەورەترین جێنۆسایدەکانی سەدەی ڕابوردوو، دارفور ترسی دووبارەبوونەوەی جێنۆساید لە دڵماندا تۆختردەکاتەوە، چونکە ئەگەر پێشتر پێمان وابووبێت کە چیتر جیهان (جارێکی تر) لە کارەساتێکی وەک ئەنفال بێدەنگ نابێت ئەوا زۆر هەڵە بووین و پێویستە بە بۆچونەکانماندا بچینەوە.

2004/09/18
OXFORD, ENGLAND

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com